# پەیامی پشتیوانی بۆ خواستو خۆپیشاندانی خەلکی کەلار

## خەباتی جەماوەری دژی گەندەلی و نەبونی خزمەتگوزاریەکان پیویستی بە ریکخراو بوونو سەراسەری بونەوە هەیە!

***جەماوەری ستەمدیدەو ئازادیخوازی کەلار!***

گەندەلی ئیداریو تالانو برۆو نەبونی سەرەتایترین خزمەتگوزاریە کۆمەلایەتیەکان، بە جیگایەك گەیشتوە کە کاسەی سەبری خەلکی سیتەمدیدەی کوردستانی لیواولیو کردوە. هەر رۆژەی لە گۆشەیەکەوە نارەزایەتی جەماوەری لە دژی ئەم هەلومەرجە سەختە دەتەقیتەوە. دوینێ خەلکی رانیەو ئەمرۆ خەلکی کەلار.

سەرانی ئەحزابی دەسەلاتدارو حیزبەکانی دەستو پیوەندیان لە نیو سەروەتو ساماندا نقوم بوونو جەماوەری ملیونی خەلکیش نوقمی هەژارین. هاتنەمەیدانو خۆپشاندانو راپەرین لە دژی ئەم بیدەرەتانیە، نەك هەر مافیکی رەوای خەلکە بەلکو پیویستیەکی حەیاتیە. 14 سالە ئەم حیزبانە بە بەهانەو پاساوی پروپوچ خۆل دەکەنە چاوی خەلكو فریوکاری دەکەن. پیش هەر سیناریۆیەکی هەلبژاردنو ئەو رۆژانەی کە پیویستیان بە پەنجەمۆری خەلك هەبیت، دوروانە دەستدەدەن هەلرشتنی وەعدەو بەلین، دوای بەرپاکردنی سیناریۆکانیشیان لەسەر ئەو وەعدەو بەلینانە بە لولەی چەك وەلامی خەلك دەدەنەوە.

جەماوەری هەزران کەسی شاری کەلار لە دژی گەندەلیو نەبونی ئاوو کارەبا کە لەلایەن دەزگا سەرکوتگەرەکانی یەکیتیەوە گولە باران کرا، نمونەیەکە لە خەرواریك. یەکیتی نیشتمانی بۆ پاساودانو بەردەوام بوون لە سەرکوتی ئەم نارەزایەتیانە، لە بەیانیکی پر شەرمەزاریدا کە ئیمزای هەموو حیزبە گوێ لەمشتو مشەخۆرەکانی لیداوە. بە پێی نەریتی بەعس، ئەم نارەزایەتیە رەوایەی خەلکیان بە ئاژاوەگیریو تالانچیتیو دەسیسەی کەسانیك تاوانبار کردوەو مەحکومی دەکەن. تەنانەت تاوانی ئەوەی کە چەکدارەکانی ئاسایش تەقەیان لە خەلك کردوەو خوینیان رشتوە، دەخەنە ئەستۆی خەلکی سیتەمدیدەو بەدەنگهاتوو. ئەمە مایەی گەوەرترین ریسواییو شەرمەزاریە بۆ ئەو حیزبانە کە لە بری شەریکبونەوەیان لە داهاتی بەتالان براو پێی هەستاون.

حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق، لە کاتیکدا کە بە توندی گەندەلیو تالانچیتی ئەحزابی دەسەلاتدارو وەلام نەدانەوە بە خواستو خزمەتگوزرایەکانی خەلك، هەروەها سەرکوتی خۆپیشاندانە جەماوەرەیەکانو هەلویستی ئەحزابی ناسیونالیستی گوێ لەمست، مەحکوم دەکات، هاوکات بە هەموو توانا پشتیوانی لە خەباتو داخوازیە رەواکانی خەلکی کەلارو جەماوەری ستەمیدەی کوردستان دەکاتو لەم خەباتەدا شانبەشان لەگەلیان رادەوەستێ.

***جەماوەری ستەمیدەی کەلار!***

***خەلکی ئازادیخوازی کوردستان!***

14 سالە ئەحزابی بزووتنەوەی کوردایەتی، بە هەموو شیوەیەك ئیمتحانی خۆیانداوە، هەموو سیناریۆو مانۆرەکانیان لەلایەن خەلکەوە تاقی کراوەتەوە. بە کردەوە دەرکەوت کە دەسەلاتی ئەوان هیچ مۆرکیکی دەسەلاتو ئیرادەی خەلکی پیوەنیە. خۆیانو دەسەلاتو میلیشیاکانیان دژی خەلکن، دژی ئازادیو مافە سیاسیو ئابوریەکانی خەلکن، یاریو سەرمایەگوزرایو ساتو سەودا بە داهاتی کۆمەلگاو گوزەرانی خەلکەوە دەکەن، کۆنەپەرستو عەشیرەتیو دژی سکولاریزمو مەدەنیەتن، دژی مافەکانی ژنانو ئارەزوەکانی لاوانو لەگەل کۆنەپەرستترین هیزەی ئیسلامیو تیرۆریزمی جیهانیدا دەست تیکەل دەکەن، خواستو دەسکەوتەکانی خەلکی کوردستان هەراجو هەرزانفرۆش دەکەن بۆ مەرامە پوچەکانی خۆیان. سیناریۆی داسەپاندنی دەستوریکی فاشیانەی قەومی–ئیسلامی کە ئەمرۆ بەرپایان کردوە، هەنگاویکی ترە بۆ قولکردنەوەی کۆنەپەرستیو بێ مافیو بیدەرەتانی خەلكو پاراستنی تەختی فیرعەونیتی خۆیان.

هیچ ریگایەك بۆ کۆتایهنان بەم وەزعیەتە لە ئارادا نیە جگە لە خەباتو هاتنەمەیدان، ئیتر دەبێ هەموو خۆشباوەریەك بە بزووتنەوەی کوردایەتیو حیزبەکانی کۆتایی بیت، خەلکی کوردستان پیویستی بەوەیە لە دەوری بزووتنەوەیەکی نوێی ئازادیخوازو یەکسانیخوازو پیشکەوتوانە خەباتی خۆیان ریکخراوو یەکگرتوو بکەن. کۆمۆنیزمی کریکاری ئەو بزووتنەویەو حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری چوارچیوەی یەکگرتنو ریکخراوبونیتی. وەرن ئەمە ئالای خەباتی ئیوەیەو لە دەوری ریزببەستن.

شەپۆلی نارەزایەتیە جەماوەرەیەکانی خەلکی کوردستان دەبی ریکخراوو سەراسەری ببنەوە بۆ ئەوەی بە ئەنجامی خۆیان بگەن. ریزەکانی خۆتان ریکخراوبکەن. ریکخراوەو دەستەو کۆرکۆمەلی جۆراوجۆرتان پیکبهینن و لە ئاستی سەراسەریدا لیکیانگریبدەن. خەلکی رانیەو قەلادزەو کەلارو سلیمانیو هەولیرو دۆهۆكو کەرکوكو کفریو دوزو....یەك خواستو یەك گرفتیان هەیەو یەك وەلامیشیان دەوێ

... بەسیەتی تالانو برۆو فەسادی! بەسیەتی سەرکوتو برسیتیو بیدەرەتانی! نا بۆ داسەپاندنی دەستوری فاشیانەی قەومی–ئیسلامی!

...دەبی سەرجەم داخوازیەکانی خەلكو خزمەتگوزاریە جۆراوجۆرەکان بیدرەنگ دابین بکرین. تاوانبارانی راستەوخۆی تەقەکردن لە خەلك بناسرینو سزای خۆیان وەرگرن. هەموو جۆرە ریگریو قەیدوبەندو سەرکوتیك لەسەر ئازادی سیاسیو خۆپیشاندان هەلبگیرێ.

...لە دەوری ئەم خواستانە خەباتی خۆتان پەرەپیبدەنو حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری لە سەنگەری پیشەوەی ئەم خەباتە رادەوەستیت.

***ریبوار ئەحمەد/ سکرتیری کۆمیتەی ناوەندی***

***حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق/ 8–ئەیلولی 2005***